زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
کۆلێژی پەروەردە
بەشی پەروەردەی تایبەت
قۆناغی دووەم

# بنەماکانی
# ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی



## بەشی 1

ماموستای بابەت: پ. ی. د. آراز حکیم رضا
araz.radha@su.edu.krd

# چەمکی
# ڕێنمایی دەروونی و
# پەروەردەیی

## بەشی یەکەم





araz.radha@su.edu.krd

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم بەشە ئەوەیە قوتابی بتوانێت لە کۆتایی بەشەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بەشێوەیەکی زانستی ورد بداتەوە:

- مەبەست لە ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی چییە؟
- ئەو چەمکە گشتیانە چیین کە پەیوەندیان بە ڕێنمایی دەروونییەوە هەیە؟
- مێژووی بەرەوپێشچوون و قۆناغەکانی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟
- گرنگی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی چییە؟
- پێویستیمان بە ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی چییە؟
- ئامانجەکانی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی چیین؟
- ڕۆڵی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی لە دۆزینەوەی حاڵەتەکانی دواکەوتنی خوێندندا چییە؟


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 1

# پێناسەی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی




- "بریتییە لە پەیوەندییەکی جیاواز و تایبەت کە بە نهێنی (confidentiality) و کارلێک (interaction) و پەیوەندی عەقڵی و سۆزداری دەناسرێتەوە لە نێوان کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک کە ڕووبەڕووی کێشەیەکی دیاریکراو دەبنەوە لەگەڵ هاوکارێک کە خاوەنی کارامەیی (skills)یە و کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی بارودۆخێک هاوکاربێت بۆ چارەسەری کێشەکە و گۆڕینی ڕەفتار کە لەگەڵ ئامانج و بەهاکانی ڕێنماییخوازدا بگونجێت ".

- "یارمەتیدانی تاکە لەسەر ڕەزامەندی خۆی بۆ گەشەپێدانی کارامەییەکانی بە مەبەستی تێگەیشتن لە خودی خۆی بەشێوەیەکی ئومێدبەخشی کۆمەڵایەتی".

- "جۆرێکی دەگمەنە لە پەیوەندی مرۆیی نێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخواز، بە مەبەستی خۆکۆنترۆڵکردنی ڕێنماییخواز و ئاراستەکردنی بەرەو گەشەکردن".


araz.radha@su.edu.krd

# پێناسەی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی

- "هەوڵێکی مرۆییە لەشێوەی کۆمەڵێك یارمەتی پێشکەش بەتاك دەکرێت، بۆ تێگەیشتنی لەناخ و دەروون و تواناکانی خۆی، وێڕای تێگەیشتن لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە".



- "بریتییە لە کرداری ئامادەکاری و یارمەتیدانی تاك لەپێناو گەیشتن بە ئایندەیەکی گەش، هەروەها فەراهەمکردنی شوێنێکی گونجاو بۆی لەناو ئەو کۆمەڵگەیەی لێی دەژیێت".

- لەڕوانگەی ئەو پیناسانەوە دەتوانین بەوە بگەین کە: "ڕێنمایی دەروونی بریتییە لە پرۆسەیەکی مرۆیی ئامانجدار و پلان بۆ دانراو، لە نێوان (ڕێنماییکار) کە سەرۆکی پرۆسەی ڕێنماییەکەیە وە (ڕێنماییخواز) کە تەوەری پرۆسەی ڕێنماییەکەیە، لە کەشێکی پیشەیی هێمندا، کە تێیدا حاڵی ڕێنماییخواز و توانا و لێهاتوویەکانی دەزانرێت، بە مەبەستی کارکردنی بۆ چارەسەرکردنی گرفت و ئاریشەکانی پاڵپشت بەو توانا و کارامەییانە، بە ئامانجی گەیاندنی ڕێنماییخواز بە بارێک لە هاوسەنگی و گونجان و دەروون دروستی".



araz.radha@su.edu.krd

# تایبەتمەندییەکانی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی

تەوەری 2



✓ لەڕوانگەی پێناسە و بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە پرۆسەی ڕێنمایی دەروونی، دەتوانین بەم تایبەتمەندیانە لە پرۆسە و جۆرەکانی تری پەیوەندی جودای بکەینەوە:

1. ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەک کە جیادەکرێتەوە بە کارلێک و دینامیەت لە نیوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخواز، کە هەر یەکێکیان ڕۆڵ و بەرپرسیارییەتی خۆی لە بەستهێنانی ئامانجەکان و دروستکردنی گۆڕانکاریی ڕەفتار لە ئەستۆ دەگرن.

2. بناغەی سەرکەوتنی پرۆسەی ڕێنمایی دەروونی بەڕێژەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر ئەو پەیوەندییە ڕێنماییەی کە بنچینەکەی بریتییە لە ڕەزامەندی، ڕێز، پێزانین، مافی ڕێنماییخواز بۆ گوزارشتکردن لە بیرۆکە و هەستەکانی، هەروەها ڕەچاوکردنی بارودۆخ و توانا و لێهاتوویە کەسی و ژینگەییەکانی.



araz.radha@su.edu.krd

# تایبەتمەندییەکانی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی

3. ئامانج لە پرۆسەی ڕێنمایی، دۆزینەوەی لایەنە بەهێزەکانی کەسێتی ڕێنماییخواز و ژینگەکەیەتی، بە مەبەستی سوودبینین لێی، بۆ گەیشتن بە ئامانج و گۆڕانکارییە ڕەفتارییە ویستراوەکان.

4. پرۆسەی ڕێنمایی پرۆسەیەکی پیشەییە، پێویستی بە کەسێکی پسپۆڕ و شیاوە کە خاوەنی زانیاری بێت سەبارەت بە ڕەفتاری مرۆیی و شێوازەکانی گۆڕینی، سەرەڕای بوونی شارەزایی و کارامەیی کە یارمەتی بدات لە ئەنجامدانی کارەکانی بەشێوەیەکی دروست.

5. پرۆسەی ڕێنمایی لەڕێگەی پەیوەندییەکی ڕوو بە ڕوو ئەنجام دەدرێت کە دەرفەت بە هەریەک لە ڕێنماییکار و ڕێنماییخواز دەدات یەکتر بناسن و لێکۆڵینەوەیەکی وردی کێشەکان بکەن و لەسەر هەریەکەیان وەک پێویست بوەستن و سوود لە ڕەفتارە زارەکی و نازارەکییەکان ببینن بۆ وێنەکردنی ئامانجەکان و بەدەستهێنانیان.

6. پرۆسەی ڕێنمایی دەروونی گرنگییەکی زۆر بە بەها و داب و نەریت و بنەما کلتوورییەکانی ڕێنماییخواز و کۆمەڵگەکەی دەدات کە لێی دەژێێت.


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری

3

# ئەو چەمکانەی پەیوەندیان بە ڕێنمایي دەروونییەوە هەیە

## یەکەم: ئاراستەکردنی دەروونی:

- ئاراستەکردنی دەروونی بریتییە لە: "پرۆسەیەکی کارلێکی سەرکردایەتیکردن لە نێوان دوو لایەن، لایەنێکیان ئاراستەکەر و ئەوی تریان ئاراستەکراو، ئەویش لە ڕێگەی هاوکاریکردنی کەسی ئاراستەکراو بۆ زانینی سروشتی ئەو هەڵوێستەی تێیدایە، پاڵپشت بەو توانا و ئامادەیي و لێهاتوویيەی کەسەکە هەیەتی".





araz.radha@su.edu.krd

# جیاوازییەکانی نێوان ئاراستەکردنی دەروونی و ڕێنماییکردنی دەروونی

| ڕێنماییکردنی دەروونی | ئاراستەکردنی دەروونی | ژ |
|---|---|---|
| چارەسەرییە | خۆپارێزییە | 1 |
| پرۆسەیەکە لە پرۆسەکانی ئاراستەکردن | گشتگیرتر و فراوانترە | 2 |
| زیاتر پشت بە لایەنی کرداری پراکتیکی دەبەستێت | زیاتر پشت بە لایەنی تیۆری دەبەستێت | 3 |
| ڕێنماییکردن بە لایەنی کۆتایی پرۆسەی ئاراستەکردن دادەنرێت | پێشترە و پێش پرۆسەی ڕێنماییکردن دەکەوێت | 4 |
| پێویستی بە ئامادەکاری و پلان و پسپۆڕی و لێهاتوویی ڕێنماییکار دەبێت | هەر کەسێک ئەزموونێکی زۆری لەبوارێکی دیاریکراودا هەبێت، دەتوانێت پێی هەستێت | 5 |



araz.radha@su.edu.krd

# ئەو چەمكانەی پەیوەندیان بە ڕێنمایی دەروونییەوە هەیە



## دووەم: چارەسەرکردنی دەروونی:

- چارەسەرکردنی دەروونی بریتییە لە: "چالاکییەکی پلان بۆ دارێژراو کە لەلایەن پسپۆڕانی دەروونییەوە پێشکەش بە کەسانی خاوەن شڵەژان و نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەکان دەکرێت، بە ئامانجی گۆڕینی ڕەفتاریان بە ئاراستەی باشکردنی ژیان و خۆشگوزەرانیان و نزیکردنەوەیان لە گونجان و ئاستێکی بەرزی دەروون دروستی".


araz.radha@su.edu.krd

# جیاوازییەکانی نێوان ڕێنماییکردنی دەروونی و چارەسەرکردنی دەروونی

| بوارەکانی جیاوازی | ڕێنماییکردنی دەروونی | چارەسەرکردنی دەروونی |
|---|---|---|
| **تاک** | جەخت لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی ئاسایی و خاوەن گرفت و ئارێشەی سادە و ساکار دەکاتەوە | جەخت لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی نائاسایی و خاوەن گرفت و ئارێشەی قورس و ئاڵۆز دەکاتەوە |
| **گرفت** | کێشەکان واقیعی و هەستین (شعورین) | کێشەکان ناواقیعی و نەستین (لاشعورین) |
| **شوێن** | هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی وەکو: قوتابخانە، پەیمانگە و زانکۆ دەتوانێت پێی هەستێت | نەخۆشخانەکانی پزیشکی دەروونیی و دروستی دەروونی دەتوانن پێی هەستن |
| **کات** | کاتی پێشکەشکردنەکەی کورت و دیاریکراوە | کاتی پێشکەشکردنەکەی درێژ و نادیارە |



araz.radha@su.edu.krd

# تەوەری 4

# ئەو لایەنانەی کە ئامانجی ڕێنمایی دەروونین

- لایەنی یەکەم: خودی خۆمان: واتە ڕێنمایی دەروونی یارمەتیمان دەدات تا خودی خۆمان و تواناکانمان بناسین، ئەمەش یارمەتیمان دەدات واقیع بینیانە مامەڵە لەتەک ئەو ڕووداوانە بکەین کە دەوریانداوین.
- لایەنی دووەم: کۆمەڵگا: واتە ڕێنمایی دەروونی جگە لە ناسینی خۆمان یارمەتیمان دەدات ئەو کەسانەش بناسین لە چواردەورمان، لە کەس و کار و خێزان و هاوڕێ و ئەو کەسانەی مامەڵەی بەردەوامیان لەتەکدا دەکەین، تا ڕاڤەی ڕەفتار و بیرکردنەوە و هەڵچوونەکانیان بکەین، هەروەها گرفت و دەردەسەرییەکانیان بناسین و لەکاتی پێویستدا هاوکار و هاوخەمیان بین.
- لایەنی سێیەم: قوتابی یان ئەو گرۆیانەی کە بەهۆی پیشەکانمانەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین: بەو پێیەی هەموو کەسێك هەڵگری تایبەتمەندی کەسێتی خۆیەتی لە ڕووی هەست و ویست و ئارەزوو و پێداوستی و دونیابینی تایبەت بەخۆی، ئەمەش پێویستی بە مامەڵەکردنی تایبەت دەبێت لەگەڵیان، هەروەك کاتێك ڕووبەڕوی گرفت و نەخۆشی و ململانێ دەبنەوە بتوانین هاوکار و دەستباریان بین.


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری

5

# مێژووی ڕێنمایی دەروونی و قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی

- ڕێنماییکردن پرۆسەیەکی نوێ نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی کۆنە بارتەقای کۆنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە بونیادی مرۆڤ بە چەشنێکە کە بە سروشتی خۆی گوزارشت لە ئارێشە کەسی و دەروونییەکانی بۆ هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی دەکات، لەپێناو دۆزینەوە و بەدەستهێنانی هاوسۆزی و بەشداری ویژدانیان لەگەڵی، هەروەها هاوکاریکردنیان بۆ پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو و لەبار بۆ کێشەکانی.

- ئەمەش بەو واتایە دێت کە پرۆسەی ڕێنماییکردن لەکۆنەوە ئەنجامدراوە، بەڵام بەبێ ئەم چوارچێوە ورد و زانستییەی ئێستا لەبەردەستدایە، بەجۆرێک لە ئێستادا ڕێنماییکردنی دروونی پرۆسەیەکی خاوەن پرۆگرام و میتۆد و تیۆر و بواری تایبەت بە خۆیەتی.

- بەڵام سەرەتاکانی دەرکەوتنی پرۆسەی ڕێنماییکردنی دەروونی بەشێوە زانستییەکەی بۆ جیابوونەوەی زانستی دەروونزانی لە فەلسەفە دەگەڕێتەوە، ئەویش پاش دامەزراندنی یەکەم تاقیگەی زانستی ئەزموونی لەلایەن دەروونزانی بەناوبانگ (ولیەم ڤۆنت) لە ساڵی (1987) لە زانکۆی (لایبزغ) لە (ئەڵمانیا).


araz.radha@su.edu.krd

# مێژووی ڕێنمایی دەروونی و قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی

- بەمەش دامەزراندنی یەکەم تاقیگەی دەروونزانی هۆکارێک بوو بۆ دەرکەوتنی لیکۆڵینەوە زانستییە دەروونییەکان و دەرکەوتنی دەروونزانی پراکتیکی.
- بۆیە چەمکی ڕێنماییکردنی دەروونی بەو مانایەی ئێستا بەکاردەهێنرێت، لەناو پەرتووکە زانستییەکاندا ئاماژەیان پێنەکرابوو تا ساڵی (1931)، بەڵکو ئەو خزمەتگووزارییە دەروونیانەی پێشتر لەژێر ناوی (ئاراستەکردنی پێشەیی) پێشەکەش دەکران.
- لێرەوە پاڵپشت بە سەرچاوە زانستییەکانی ئەم بوارە، دەتوانین مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی پرۆسەی ڕێنماییکردنی دەروونی و پەروەردەیی بۆ ئەم قۆناغانە بگێڕینەوە:


araz.radha@su.edu.krd

## 1 قۆناغی جەختکردنەوە لەسەر ئاراستەکردنی پیشەیی:

- سەرەتای قۆناغی سەرهەڵدانی پرۆسەی ڕێنماییکردن بۆ ئاراستەکردنی پیشەیی دەگەڕێتەوە کە ئامانجی هاوکاریکردنی تاکەکانە بۆ هەڵبژاردنی ئەو پیشەیەی لەگەڵ توانا و لێهاتوویی و ئامادەییەکانیان دەگونجێت، سەرەڕای هاوکاریکردنیان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفت و ئارێشە پیشەییانەی لەبواری کار و پیشەکانیان ڕوو بە ڕوویان دەبێتەوە.

## 2 قۆناغی جەختکردنەوە لەسەر ئاراستەکردنی پەروەردەیی:

- ئەم قۆناغە وەکو تەواوکەر و درێژە پێدەری قۆناغی پێشوو دەدانرێت، بەجۆرێک تێیدا خزمەتگوزارییەکان بەرەو بواری پەروەردەیی ئاراستەیان گرت، کە ئامانج لێی هاوکاریکردنی قوتابیانە بۆ هەڵبژاردنی ئەو جۆرەی فێربوون کە لەگەڵ توانا و لێهاتوویی و ئامادەییەکانیان دەگونجێت، سەرەڕای هاوکاریکردنیان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفت و ئارێشە پەروەردەییانەی لە قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکاندا ڕوو بە ڕوویان دەبێتەوە.


araz.radha@su.edu.krd

## 3 قۆناغی جەختکردنەوە لەسەر جوڵانەوەکانی پێوان و هەڵسەنگاندن:

- یەکێک لەو فاکتەرە سەرەکییانەی کاریگەریان لەسەر بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی ڕێنماییکردنی دەروونی هەبوو، جوڵانەوەکانی پێوان و هەڵسەنگان بوو لەبواری دەروونزانیدا، بەجۆرێک لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی زۆر لە تاقیکردنەوە و پێوەر و ڕاپرسی دەروونی بونیادنران و چەندین دامەزراوەی جۆراوجۆر بۆ ئەم مەبەستە بونیادنران، بۆ ئامادەکردنی زۆر پێوەری تایبەت بە پێوانی زیرەکی، توانا عەقڵییەکان، دەستکەوتی خوێندن، مەیل، گونجان و دروستی دەروونی.

## 4 قۆناغی جەختکردنەوە لەسەر گونجان و دروستی دەروونی:

- ئەم قۆناغە بە بایەخدانی بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنە نەخۆشەکانی ڕەفتاری تاک جیادەکرێتەوە، سەرەڕای گرنگیدانی بە نەخۆشییە دەروونییەکان و گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم گونجانی دەروونی. بەمەش ئەرکی ڕێنماییکردن بوو بە هاوکاریکردنی خەڵک بۆ گونجان لەگەڵ ئەو ژینگە و کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی. هەروەک ئەم قۆناغە بە قوتابخانە جیاجیاکانی دەروونزانیش کاریگەربووە.


araz.radha@su.edu.krd

## 5 قۆناغی دەرکەوتنی دەروونزانی ڕێنمایی دەروونی:

- له سەرەتای سییەکانی قەرنی نۆزدەوە، پرۆسەی ڕێنماییکردن بەرەوپێشچوونێکی زۆری بەخۆوە بینی، لەژێر کاریگەری سەرهەڵدانی قوتابخانە جیاوازەکانی دەروونزانی و جوڵانەوەکانی قۆناغی پێشتر، لەڕووی گرنگیدان بە گونجان و دروستی دەروونی. لێرەدا پرۆسەی ڕێنماییکردن بەرەو بایەخدان بە کێشە کەسی و دەروونییەکانی تاک ئاراستەیان گرت، بەچەشنێک لە ساڵی (1951) چەمکی دەروونزانی ڕێنمایي و ڕێنماییکاری دەروونی لە کۆنفرانسە زانستییەکاندا دەرکەوتن و بەشی تایبەت بە ڕێنمایي دەروونی دامەزێنرا، پاشان بابەتی ڕێنمایي دەروونی بوو یەکێک لە بابەتەکانی پرۆگرامی بەشەکانی دەروونزانی لە زانکۆکان.

## 6 قۆناغی جەختکردنەوە لەسەر گەشەی دەروونی:

- پاشان ڕێنمایي دەروونی بەرەوپێشچوونی زۆر زیاتری بەخۆوە بینی بەهۆی دەرکەوتنی دەروونزانی گەشە کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە منداڵ و گەشە و ئاریشە دەروونییەکانیان دەدات، ئەمەش دوای ئەوەی زۆرێک تیۆرەکان بایەخیان بە لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی تاکدا.


araz.radha@su.edu.krd

# تەوەری 6

# گرنگی ڕێنمایی دەروونی بۆ مرۆڤ و پێویستی پێی



- بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرا و وەرچەرخانە هەمەچەشنانەی لە پەیوەندییە مرۆییەکان یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هاتوونەتە ئاراوە، هەروەها بەهۆی کاردانەوە پێشبینی نەکراوەکان و هەندێکجار وروژێنەرە زانستی و تەکنۆلۆژییەکانی سەر ڕەفتاری مرۆڤلە تەمەنە جیاوازەکان، سەرەڕای خێرایی دەرکەوتنی جێگرەوەی بەهێز و نوێ، کەوا لە مرۆڤ دەخوازێ شتێک بکات لە بەرامبەری بوەستێت یان هەڵوێستێک بنوێنێ لە ئاستیدا پێویستیمان بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی فەلسەفەی ڕێنماییکردن بێت بەپێی ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانانەی بەرەورِوویان دەبینەوە و دەیانبینین، ئەمەش هەندێ پاساوی خۆی هەیە کە ئەمانەن:



araz.radha@su.edu.krd

## پێویستیی مرۆڤ به ڕێنمایی دەروونی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان
- پێشکەوتنی خێرای زانستی و تەکنۆلۆژی
- وەرچەرخانە شپرزەییەکانی گەشە
- پەرەسەندنی سیستەمە پەروەردەییەکان
- زۆری کارەساتە سروشتییەکان و جەنگ
- زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان
- گوشاری دەروونی یەک لە دوای یەک


araz.radha@su.edu.krd

# 1 پێشکەوتنی خێرای زانستی و تەکنۆلۆژی:





- ئێستا جیهان پەرەسەندنێکی زانستی و تەکنیکی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت کە زۆر خێرایە، سەرەڕای ئەم پەرەسەندنانە دڵەڕاوکێ و ڕووخان لە جیاتی ئاسوودەیی و بەختەوەری بەسەر ژیانی مرۆڤدا زاڵبووە، گوێیستی گرفتگەلێکی تازە بووینەتەوە پێشتر نەمان بیستوون وەکو ئالوودەبوون بە (ئەرنتەرنێت و مادده کهولی و هۆشبەرەکان) و ئەو شوێنەوارانەی بەجێی دەهێڵن لە گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، بۆیە پێویستبوونمان بە چەشنێکی نوێی ڕێنمایی هاتە ئاراوە کە لەگەڵ سروشتی ئەم گرفتە سەردەمیانە بگونجێت.



araz.radha@su.edu.krd

## 2 زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان:

- زۆربوونی دانیشتووان زۆر گرفتی هێنایە ئاراوە، لەوانەش کەمی خۆراک و ئاو و دابەزینی ئاستی گوزەران و پیسبوونی ژینگە، هەروەها دەرکەوتنی گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەمەش دەبێتە هۆی سنووردارکردنی داهاتی ئابووری و کەمی خزمەتگوزاری تەندروستی و جێنەبوونەوەی ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانەکان سەرەڕای زیادبوونی ساڵ دوای ساڵی ژمارەی قوتابخانەکان. لە ئەنجامی ئەمەش گرفتەکانی نێو دەوام و دواکەوتن لە قوتابخانە و خۆگونجاندن لەگەڵ خوێندن و جێنەبوونەوەی خاوەن پێداویستی تایبەت و چەندان گرفتی تر. ئەم بارودۆخەش چەشنێکی نوێی ڕێنماییکردن و پێویستبوونێکی زیاترمان پێی دەخوازێت.






araz.radha@su.edu.krd

## 3 گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان:

- ئەم گۆڕانکاریانە لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژییەکانی سەردەم گونجاون، کە کاریگەریشی بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانەوە دیارە، لە گرنگترین ئەم گۆڕانکاریانەش:

1. بوونی خێزانی گەورە بە خێزانی ناوکی، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە پەیوەندییە خێزانییەکان تۆڕی خزمایەتی.
2. لاوازبوون و نەمانی هەندێک بەها و داب و نەریت و ڕێ و ڕەسمی کۆمەڵایەتی.
3. گرانی جڵەوکردنی کۆمەڵایەتی لە سایەی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، ئەمەش دەبێتە هۆی ململانێی فەرهەنگی و بەهاکان لەنێوان نەوەی کۆن و نوێ.
4. زۆربوونی داخوازی تاکەکانی خێزان بەشێوەیەکی گشتی و ڕۆڵەکانیان بەشێوەیەکی تایبەتی.
5. گۆڕینی دەمسپی خێزان بۆ ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەجۆرێک پەیوەستبوونی مرۆڤ بە ئامێرەکان هۆکارێکی بەرچاوون بۆ کەمی پەیوەندی و بەرکەوتنی فیزیکی لەگەڵ ئەندامانی خێزان.


araz.radha@su.edu.krd

6. درێژبوونەوەی ماوەی سەرپەرشتیکردنی منداڵ و هەرزەکار و لاوان لەناو خیزاندا (درەنگکەوتنی سەربەخۆیی کەسی).

7. بەرزبوونەوەی ئاستی خواستی منداڵ و دایکان و باوکان بۆ سەرکەوتن لە خوێندن یان هەر بوارێک لە بوارەکانی تری ژیان.

8. نامۆبوونی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەهۆی دیاردەی جیهانگیری و تەکنۆلۆژیای زانیارییەوە.







araz.radha@su.edu.krd

## 4 پەرەسەندنی سیستەمە پەروەردەییەکان:

- پەروەردە و فێرکردن ڕووبەڕووی ئاڵنگاری فەرهەنگی، شارستانی، ئابووری، تەکنۆلۆژی و ژینگەیی دەبێتەوە، ئەم ئاڵنگاریانەش وڵاتان ناچار دەکەن بەرپرسیارێتی نوێ لە ئەستۆ بگرن تا لەگەڵ ئاڵۆزییەکان بگونجێ.
- فەراهەمکردنی فێرکردن بۆ هەمووان و بیرکردنەوە لە زیادکردنی کاریگەری بۆتە جێ بایەخی سەرەکی فێرکردن و پرۆسەی پەروەردەیی و دامەزراوە کۆمەڵایەتی.
- هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن بەستراوە بە گونجانی دەروونی، خوێندن، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و خێزانییەوە، ئەمەش پێویستی بە زانینی توانا و مەیل و ئارەزووی قوتابیان و زانینی گرفتەکانیان و یارمەتیدانیان بۆ خۆگونجاندن و سازانی دروست و ئاراستەکردنیان لەڕووی خوێندن و پیشەوە.
- هەروەها ئەرکی پەروەردە بەهۆی ڕوانگە دەروونزانییە نوێیەکانەوە فراوان بووە کە بە گشتی بایەخی زۆر بە مرۆڤ دەدات لە ڕووی جەستەیی، جوڵەیی، ئاکاری، عەقڵی و خەیاڵی. ئەمەش بایەخی پتری دەوێ بە مەبەستی چێکردنی بوونەوەرێک بوونی خۆی وەک مرۆڤ بناسێنێ.


araz.radha@su.edu.krd

## 5 وەرچەرخانە شپرزەییەکانی گەشە:

- تاک لە قۆناغەکانی گەشە بەماوەی شپرزەدا دەڕوات کە زۆر پێویستی و ململانێ لەخۆی دەگرێ، لەوانەشە هەندێجار دڵەڕاوکێ، ترس و خەمۆکی بەسەریدا زاڵبێت.
- هەروەک سەرجەم قۆناغەکانی تەمەن بە (منداڵی، هەرزەکاری، لاوێتی، پێگەیشتن و بەساڵاچوون)یشەوە، ئەدگار و گۆڕانکاری و گرفتی جۆراوجۆری خۆی هەیە پێی جیادەکرێتەوە.
- هەروەها مرۆڤ بە قۆناغی بڕینەوەی جۆراوجۆردا گوزەر دەکات وەکو: بڕینەوە لە شیری دایک، چوونە باخچەی ساوایان یان قوتابخانە، چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری و هیتر.
- ئەمانە هەمووی وا دەکەن کە پێویستی مرۆڤ بە ڕێنمایی دەروونی و هەندێکجار چارەسەری دەروونیش ببێتە بابەتێکی ببێتە بابەتێکی حەتمی بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغانە بە دروستی.


araz.radha@su.edu.krd

## 6 زۆری کارەساتە سروشتییەکان و جەنگ:





- لە ئەنجامی بەرپابوونی جەنگ و ڕوودانی کارەسەتە سروشتییەکان، گرفتی زۆر دێنە ئاراوە، وەکو پەنابەریي و کۆچڕەوی بۆ ناوچەیەکی تر و جێهێشتنی نیشتیمان و شوێنی لەدایکبوون یان گوزەران.
- سەرەڕای زۆربوونی ژمارەی پەککەوتوان و قەیرانی هێدمەی دەروونی.
- ئەمانە و چەندانی تر ناچاری پێویستی بە شیاندنەوەی ئەو کەسانەمان دەکەن و ڕێنمایي دەروونیش تاکە فریادڕەسی ئەو کات و ساتەن.


araz.radha@su.edu.krd

# 7 گوشاری دەروونی یەک لە دوای یەک:







- ئەمیش بەهۆی زۆری پێویستییەکانی ژیان و ململانێی ڕۆڵ لەناو خێزان و دەرەوەیدا.
- زیادبوونی بێکاری لە نێوان لاوان و بیرکردنەوەیان لە دابینکردنی دوارۆژی پیشەیي و خێزانی، کە ئەمەش کۆسپ و تەگەرە و لێکەوتەی خۆی هەیە.
- بەو شێوەیەو بەهۆکاری ئەو پاساوانەی باسکران، خزمەتگوزاری ڕێنمایي دەروونی زیاد دەبێت و دەبێتە خاوەن بنەما و بیردۆز و بواری جیاواز و بەرنامە و شێوازی خۆی، تا پسپۆڕانی شیاو لە بواری زانستی و هونەری پێی هەڵدەستن. هەروەها ڕێنمایي دەروونی بووە پێویستییەکی گرنگ بۆ ئەوەی دۆخێک بۆ دۆخێکی دیکە بگۆردرێ، یاخود بە دروستی و کەمترین زیانی دەروونی ژیانی مرۆڤ لە قۆناغیکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بگوازرێتەوە.


araz.radha@su.edu.krd




تەوەری 7

# ئامانجەکانی ڕێنمایی دەروونی

## یەکەم: بەدیهێنانی خود:

- مرۆڤ پاڵنەرێکی بنەڕەتی هەیە کە ئاراستەی ڕەفتاری دەکات بەرەو بەدیهێنانی خود، بەهۆی بوونی ئەم پاڵنەرەوە ئامادەیی هەمیشەیی بۆ گەشەپێدانی خۆناسینی هەیە.
- بۆیە ئامانجی ڕێنماییکردنی دەروونی کارکردنە لەسەر تاک بۆ ئەوەی خودی خۆی بەدی بێنێ، ئەگەر کەسێکی ئاسایی بێت یان سەرکەوتوو، یان لاوازی ئاوەزی هەبێ، یان بیرکۆڵی، یان دواکەوتنی خوێندن.
- یارمەتیدانی تاک لە بەدیهێنانی خود تا ئەو ڕادەیەی بتوانێت بەشێوەیەک سەیری خۆی بکات و لێی ڕازی بێت.
- کەواتە ڕێنماییکردنی دەروونی ئامانجی گەشەپێدانی چەمکی ئەرێنییە بۆ خود کە لە کاتی نزیکبوونەوەی چەمکی خودی واقیعی لەگەڵ چەمکی خودی نموونەیی بەدیدێت (هەر وەک هۆرنای و ڕۆجەرز باوەڕیان پێیەتی)، هەروەها چەمکی خود فاکتەری سەرەکی ڕەفتارە.


araz.radha@su.edu.krd



# ئامانجەکانی ڕێنمایی دەروونی

## دووەم: بەدیهێنانی خۆگونجاندن و هەماهەنگی:

- خۆگونجاندن ئەو ئامانجە سەرەکیەیە کە ڕینمایی دەروونی هەوڵی بۆ دەدات و باس لە ڕەفتار و ژینگە و سروشتی کۆمەڵایەتی دەکات، بەو گۆڕان و هەموارکردنەی کە هاوسەنگی نێوان تاک و ژینگە ڕوودەدات، ئەم هاوسەنگیە تێرکردنی پێویستیەکانی تاک و داخوازییەکانی ژینگە دەگرێتەوە.







araz.radha@su.edu.krd

## گرنگترین بوارەکانی خۆگونجانیش بریتین لە:

1. بەدیهێنانی گونجانی کەسی: واتە بەدیهێنانی بەختەوەری لەگەڵ خۆت و ڕازیبوون لێی.
2. بەدیهێنانی گونجانی پەروەردەیی و فێرکاری: لەڕێگەی یارمەتیدانی تاک لە هەڵبژاردنی گونجاوترین بابەتی خوێندن و پرۆگرام بەپێی مەیل و تواناکانی بۆ گەیشتنی بە سەرکەوتن لە خوێندن.
3. بەدیهێنانی گونجانی پیشەیی: لەڕێگەی هەڵبژاردنی پیشەیەکی گونجاو و ئامادەگی بۆی لەڕووی زانستی، کرداری و ئەزموونییەوە تا بتوانێت خاوەن دەسکەوت و گورجوگۆڵی و هەستکردن بە ڕەزامەندی و سەرکەوتن بێت.
4. بەدیهێنانی گونجانی کۆمەڵایەتی: بەختەوەری لەگەڵ کەسانی دیکە و پابەندبوون بە ئاکاری کۆمەڵگا و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ پەسەندکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروست و کارکردن لەپێناو کۆمەڵ.
5. بەدیهێنانی دروستی دەروونی: وەک ئامانجێک بۆ بەدیهێنانی گونجان، کە مەبەست لێی ئەوەیە تاک لە ناوەوە و دەرەوە لە بار و حاڵی خۆی ڕەزامەند بێت.


araz.radha@su.edu.krd

# پێکەوە

# گفتوگۆیەکی کراوە و بونیادنەر



araz.radha@su.edu.krd





araz.radha@su.edu.krd